# پ.ک.ک و تورکیا: هەرەوەز لە پێناوی کەمالیزمدا

**شاخەوان شۆڕش**

2007.11.10

کۆنفرانسی ئەنکەرە کە لە سەرەتای نۆڤەنبەردا بەسترا، دەمێک بوو لە پلان دابوو و لە بنچینەدا کۆنفرانسێک بوو درێژەی کۆنفرانسەکەی شەرەمولشێخ و کۆڕوکۆبوونەوەکانی دیکەن کە تایبەتن بە دروستکردنەوەی ئێراق. ئەنجام و دەهاویشتەکانی کۆنفرانسەکەی ئەنکەرە گەلێ بابەتیان بە خۆیانەوە گرت کە ڕەنگ لە بەرژەوەندی ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا دەدەنەوە.
کۆنفرانسەکە کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی کوردەوە هەیە، لە وڵاتێک بەسترا کە دوژمنی بابەکوشتەی گەلی کوردە. بۆیە لەم بارەدا سەیر نییە کە پێشنیارەکان بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشتن بەرژەوەندی گەلی کورد لەبەرچاو ناگرێت. هەربۆیە بەستنی ئەو کۆنفرانسە لە تورکیا ناڕەوایەتییە بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی کرا. لەسەر دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان پ.د.ک و ی.ن.ک ـە بەرهەڵستی کاری ئەوها بکەن، بەلام ئەوان لەم بابەتانە بێدەنگبوون، دەکرێ لەبەر ئەوە بێت بەپێی ڕەوتی ڕامیاریی ئەوان کە بنچینە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتیان دەگرێت، پەیوەندی توندوتۆڵی بازرگانی، ڕامیاری و سەربازیان لەگەڵ تورکیادا هەیە، خۆیان لەو کردانە دەپارێزن کە دەسەڵاتدارانی تورک هەراسان دەکات. پ.د.ک و ی.ن.ک هەروەکو چۆن عارەب بە برای کورد دەزانن، تورک بە برای کورد دەزانن، بۆنمونە مەسعود بارزانی لە چاوپێکەتنێکی ئەو ڕۆژانەدا گوتی "من بروام بە برایەتی کورد و تورک هەیە". دیارە کورد و تورک برانین و ناشبنە برا، ئەوە دەکەوێتەسەر ئەوەی ئەوان چۆن لە چەمکی برایەتی دەگەن و پێناسەی دەکەن، یان بۆچی بەکاری دەهێنن. ئەو گوتنە وەکو زۆر گوتنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی گۆتەی ناڕیالیستانە و ڕەنگاوین.

لە نوسراوی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا یەکێتی خاکی ئێراق، ناسنامەی عارەبی و ئیسلامی ئێراق جەختیان لەسەر کرایەوە. ئاماژە بە پشتگیری لە دروستکردنەوەی ئێراق و "دیموکراتیزەکردن" کرا و هەروەها پشتگیری لە هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش لە ئێراقدا جەختی لەسەر کرایەوە. دیارە لە کۆنفرانسەکەدا هەندێ پێشنیار کراون کە تەواو پەیوەندیان بە گەلی کورد هەیە و بەجۆرێکن کراون کە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کورد نایەنەوە، وەکو پێشنیاری دواخستنی گشتپرسی لەسەر کەرکوک، کۆبوونەوەی بەردەوامی وڵاتانی دراوسێ لەسەر ئێراق، هاوکاری یەکتر کردن لەشەری دژ بە پ.ک.ک هتد.. ئەو خاڵانەی جێگای نیگەرانین، لە ڕاگەیاندنی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەدا گرنگیان پێنەدرا و تەنیا ئەو خاڵانەیان هێنا پێشەوە کە خۆیان بە دڵیان بوو. دیارە دەسەڵاتی کوردی پێشوازی لە بڕیاری کۆتایی کۆنفرانسەکە کرد، بۆیە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە گۆتن لەسەر خاڵی وا بکەن کە تووشی ڕەخنەیان دەکات.
تورکیا بە بەرنامە کاری بۆ ئەوە کرد کە ئەو کۆنفرانسە بۆ خۆی بەکار بهێنێت. لەمروانگەیەوە هەولیدا کارتی پ.ک.ک بۆ مەبەستی ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بەکار بهێنێت، لە لایەک پشتگیری بۆ پۆلیتیکی پاکاسازی و چارەی سەربازی (کە نکۆلیکردنە لە چارەسەری کێشەی کورد) بەدەست بهێنێت، لە لایەکی دیکە هەوڵ بدات ببێتە بەشێک لە ئالوگۆڕە ڕامیاریەکانی ناو ئێراق و ئەو ستاتوسە بەدەست بهێنێتەوە کە کاتی خۆی لە ئەنجامی هاوکاری نەکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە کاتی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامدا لە بەهاری 2003 دا لەدەستی دابوو. ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئەنکەرە ئاماژە بۆ جۆرە سەرکەوتنێک بۆ هەوڵەکانی

**تورکیا دەکەن.**
**لە دوای هەڵبژاردن و گرتنەوە دەستی دەسەڵات لە تورکیا، رەجەب تەیب ئۆردۆگان و عەبدوللا گول زوو کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی بە ژەنەراڵە تورکەکانی پیشان بدەن کەوا ئەوانیش کەمالیستن و بەتەنگ ئامانج و ئایداڵەکانی کەمالیزمەوەن کە بنچینە لەسەر ناسیونالیزمی توندرەوی رەگەزیی دادەڕێژێت و نکۆلی لە بوونی نەتەوەی دیکە جگە لەتورک لە تورکیادا دەکات. ئەوان بەم هەنگاوەیان هەوڵی بەهێزترکردنی ستاتوسی خۆیان لە ناو تورکیادا کرد، بەجۆرێ ئەو دلەڕاوکێیە ناوخۆییانەی کە گومانی لە کەمالیزم و تورکپەرستی ئەوان هەیە بیرەوێنێتەوە. ئیسلامییە دەسەلاتدارەکان لە تورکیادا هەوڵ دەدەن متمانەی ژەنەراڵە تورکەکان بەدەست بهێنن و دڵنیایان بکەنەوە کە ئەوان درێژەپێدەری ترادیسیۆنی تۆپمیلیتاری کەمالیستین. واتە ڕووانین بۆ ئاسایشی نەتەوایەتی و بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورکیا گۆڕانی تێدا ناکرێت و وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**
**بۆردوومانی تورکیا دژی کوردستان و هێرشیان بۆسەر پ.ک.ک لە دەروەی سنوری تورکیا چەندین سالە هەیە، بەڵام ئەوان لە کاتی پێویستدا سوود لە بوونی ئەو دیاردەیە وەردەگرن و بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان بەکاری دەهێنن. تورکیا لەم دوو سێ مانەگەی دواییدا زۆر زیاتر لەجاران کێشەی بەناو تیرۆریزمی پ.ک.ک بەرزکردەوە و هەرەشەی لەشکرکێشی بۆ باشوری کوردستان بانگاشەکرد. هێزێکی زۆری سوپای لە نزیک سنور کۆکردەوە و هێمای ئەوەی دایە کۆمەڵگەی جیهانی کەوا ئەوان لە لەشکرکێشی پاشگەز نابنەوە. چاڵاکیەکانی پ.ک.ک کە لە ناوەوەی باکوری کوردستاندا ڕوودەدەن، بۆ ئەو مەبەستە قۆسترانەوە و وەکو فاکتەرێکی گوشار بەکارهێندران. تورکیا دەنگی هەڕەشەکانی زیاتر بەرزکردەوە. لە ئاستی دیپلۆماسیدا هەوڵەکانی خستەگەڕ و لە زۆر دەرگای دا. تورکیا وەکو قوربانی خۆی پیشاندا و هەوڵیدا رەوایەتی پۆلیتیکی پاکتاو و نەگەرانەوە بۆ چارەسەر لەم ڕێگایەوە رەوا بکات.**
**پێویستە بگوترێت ئەو فاکتەرانەی پشتگیری لە پۆلیتیکی نکۆلیکردنی مافی کورد لە باکوری کوردستاندا دەکەن کە تا ئێستا پشتگیریەکی نێونەتەوەییان هەیە، هەمووی یارمەتیدەرن لە لەخۆباییبوونی تورکیا و لوتبەرزییەکەی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکەدا.**

**ئەو خاڵانەی لە کۆنفرانسەکەدا گوتنیان لەسەر کرا و گونجاوە لێرەدا سەرنجیان بدرێتێ:**
**یەکەم: کێشەی کەرکوک و دواخستنی گشتپرسی. لە کۆنفرانسەکەدا پێشنیاری دواخستنی گشتپرسی لەسەر چارەنوسی کەرکوک کرا. ئەو پێشنیارە پشتگیریەکی زۆری هەیە و ئەمجارەیان ئێرانیش بە ڕاکشاوی داوای دواخستنی گشتپرسی لەسەر کەرکوک بۆ دوو ساڵ کرد. بەگوێرەی ڕەوتە هەنوکەییەکە گشتپرسی لەسەر کەرکوک وادیارە دوادەخرێ و چارەنوسی شارەکە بە نادیاری بۆ ماوەیەکی تر دەمێنێتەوە. ئەوە یەکەم، پشتگوێخستنی بڕیارێکی بەدەستورکراوی ئێراقە و بەمجۆرە ملکەچنەبوونە بە دواکاتی داندراو. دووەم، سەڵماندنی دووبارەی ئەو دیاردەیەن کە ڕێککەوتن بەرزدەکاتەوە سەر کانون و دەستور. بەمپێیە ڕێککەوتنەکان بە گوێرەی پێشهاتە ڕامیارییەکان دەکرێ لەسەرووی کانون و دەستور دابندرێن. سێیەم، هەنگاوێکە درێژەی هەنگاوەکانی پێشوو کە بۆ دابڕینی کەرکوک لە هەرێمی کوردستان، کار دەکەن. وەکو واپێدەچێ ئێستا ئەو هەولە خەریکە بەری خۆی دەگرێت و جێگەی خۆی دەکاتەوە. سەبارەت بە دواخستنی گشتپرسی بەرپرسانی دەسەلاتی کوردی بێدەنگن، دواکەوتنی گشتپرسی دژ بە گوتن و بانگاشەکانی ئەوانە کە دەیانگوت دەبێ گشتپرسی لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت. لە ئەگەری دواکەوتندا مەترسی نەگەڕانەوەی کەرکوک زیاتر دەکات، وەلامی ئەوان و پلانی ئەوان بۆ ئەو مەترسییە چییە، هیچ نەگوتراوە تائێستا.**
**سەبارەت بە کێشەی کەرکوک کردەوە و هەڵسوکەتەکانی دەسەڵاتی کوردی باشور هەمووی دەچنە چوارچێوەی هەوڵەکان کە وادەکەن تورکیا و هەوادارانی نیگەران نەبن. ئەوان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە تورکمان و عەرەب و کورد لە ئەنجومەنی کەرکوکدا هەمان ڕێژەی یەکسانیان هەبێت. دیارە ئەوە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی دیکەیە کە**

لەسەر پشتی فاکتەرە ڕاستەقینەکان هاتۆتە دی. دیمۆگرافیای دانیشتوانی کەرکوک ئاماژە بە یەکسانی گروپە نەتەوەیی و ئەتنیەکان ناکات. لێرەشدا ڕێکەوتنە ڕامیاریەکان بەرزکراونەوەتەوە و وادیارە ڕەوتەکە دەبێ بە شێوەیەک بێت، کە لایەنە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت. دیارە لەمبارەدا کوردەکان لە کەرکوک زیانیان پێ دەکەوێت، چونکە هەر بڕیارێک بە پێی زۆرینە لە ئەنجومەندا بدرێت، کورد دەیدۆڕێنێت، ئەگەر عارەب و تورکمان پشتی یەک بگرن. زۆرینەی عارەب و تورکمانەکان ئەگەر هەمووی نەبن، لەگەڵ ئەوەدا نین، کەرکوک ناسنامەیەکی کوردستانیی هەبێت و بخرێتەوە سەر کوردستان. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ئەو ڕێکەوتنەی دوایی بۆ کورد بە ئەگەری زۆر زیان بە بەرژەوەندی کورد دەگەیەنێت.

دووەم: کۆبوونەوەی وڵاتانی دراوسێ و ئێراق لە ژێر سەپەرشتی UN دا. کۆبوونەوەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لەگەڵ ئێراقی هاوبیریان مافدانە بە ئەگەری دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە لە کاروباری ناوخۆی ئێراق، لەوێوە ئەگەری بڕیاردان لەسەر پرسە گرنگەکانی پەیوەستدار بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد. پەسندکردنی ئێراق لێرەدا ڕێگە بۆ دەستێوەردانەکە خۆش دەکات و بەمشێوەیە پەسندمەندی کانونە نێونەتەوەییەکان بەدەست دەهێنێت، ئەگەر ئێراق ڕێگەی دەستێوەردان بەجۆرێ لە جۆرەکان بدات. ئەو هەنگاوە پەیوەندی بە ڕێکەوتنی نێوان ئێراق و تورکیا بۆ لێدانی پ.ک.ک هەیە لە لایەک، لە لایەکیتر هەوڵێکە دەکرێ بۆ سنوردارکردنی ئازادی کورد بەگشتی لە چوارچێوەی ئێراقدا بخرێتەگەڕ. ئەو دوو خاڵە هەردووکیان خاڵی سەنترالن لە پۆلیتیکی ئاسایشی نەتەوایەتی تورکیادا. ناوهێنانی UN لێرەدا هەوڵێکە بۆ رووسپیکردنی مەبەستی پێشنیارەکە و پیشاندانیەتی وەکو هەوڵێک لەگەڵ بەرژەوەندی ئێراق پەسند و گونجاو. UN دەزگایەکی لایەنگیری ستاتەکان و بێدەسەڵاتی نێونەتەوەییە، مەرج نییە نوێنەرەکەی بێلایەن و دەستپاک بێت، هەروەکو پێشتر ئەوە سەلمێندراوە UN بەرژەوەندی ستاتەکان بەسەر بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستە بەرزدەکاتەوە. بۆنمونە ئەوە لە بڕیاری 1546 ی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە باشوری کوردستان روویدا.

سێیەم: هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەنترال و لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان: پێشنیارکراوە کە نوێنەری فەرمی و ڕاستەقینە دەسەڵاتی بەغدایە، بۆیە هەرێم و ناوچەکان ئەو ئاستە فەرمیەیان نابێ هەبێت. وەکو دیارە ئەوە ڕەنگ لە داوایەکی دیاری ئەمەریکا، تورکیا، عەرەبە سونەکان و هەوادارانیان دەداتەوە کە هەوڵی بە هێزکردنی سەنترال دەدەن، دەیانەوێ سنوری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تەنگ بکەنەوە. بەجۆرێک دەسەڵاتی ناوەند هەموو سەرەگوریسە گرنگەکان بە توندی بەدەستەوە بگرێت، بڕیارەکان کە پەیوەندیان بە بوارەکانی دارایی، بەرگری، نەوت، ئاسایش و دەرەوە هەیە هەمووی لەژێر چنگی سەنترالدا بێت. لە ڕاستیدا ئەوە ناتەباییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەستوری ئێراقیدا نییە، کە ی.ن.ک و پ.د.ک خۆیان مۆریان کرد و خەڵکی کوردستانیش لەژێر گوشار و بانگی ئەوان مۆریان کرد.

چوارەم: کێشەی پ.ک.ک و پۆلیتیکی پاکسازی تورکیا:

- ئێراق بەر لە ماوەیەک لە ڕێککەوتی 27 سەپتەمبەری 2007 دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیادا مۆرکرد، کە بەڵێنی هاوکاری دەدات و بە پرسی بەغدا ماف دەداتە هێرش بۆ سەر بنکەکانی پارتی کرێکاران لە چیاکانی قەندیل یا ناوچە سنوریەکانی دیوی باشوری کوردستان. ئەو ڕێککەوتنە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی پێشووی سەردەمی بەعسدا نییە کە لەگەڵ تورکیا کران. لەو ڕێککەوتنەدا پرس بە کوردەکانی باشور نەکرا و پاشانیش هیچ گۆڕانێک لە ڕێککەوتنەکەدا روویان نەدا. جگەلەوەی ئەو کارەی نوری مالکی گرنگی نەدانە بە بەرژەوەندی کورد و هەبوونی مافی کورد لە ڕێکەوتنێکدا، کە

پەیوەندی بە بەرژەوەندی کوردەوە هەیە. ئەوە دەریدەخات کە دەسەڵاتی سەنترال تا ئەو سنورەش دەتوانێ دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەربدات. ئەو خاڵەی لە دەستوردا روون نییە و سنوری دەسەڵاتی نێوان هەرێم و سەنترال لە بواری ئاسایش و هێزی سەربازیدا بە وردی دیار نەکراوە لێرەدا گرنگە سەرنجی بدرێت، چونکە نەبوونی ڕوونیی و دیاریی سنوری دەسەلات مەترسی لەم جۆرەی هەمیشە هەیە. تورکیا بەر لە کۆنفرانسەکە ئەو پشتگیریەی ئێراقی بۆ لێدانی پ.ک.ک بەدەست هێنا. لە کۆنفرانسەکەدا ئەو پشتگیرییە لە چوارچێوەی "هاوکاری وڵاتانی دراوسێ بۆ ڕاگرتنی ئاسایش و بەرژەوەندیە هاوبەشەکان" جەختی لەسەر کرایەوە و کۆمەڵێ بەڵێنی دیکەی خرایە سەر. دەسەڵاتی کوردی لەو هاوکێشە لاسەنگە سەربازییە کە پەیوەندی بە سنوری دەسەلاتی سەربازیی نیوان هەرێم و ناوەندەوە هەیە بێدەنگە، چۆتە ئەو سەنگەرە دژە کوردییە و هاوکاری گەمارۆ و لێدانی پ.ک.ک دەکات.

- پشتگیری دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستاندا بۆ ئەو ڕێککەوتنە فەرمییانە وادیارە مسۆگەر کراوە و هەنگاوە پراکتیکیەکان بۆ لێدانی پ.ک.ک دەستیان وردە وردە دەستیان پێکراوە. جێگای بیرخستنەوەیە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری باشور شەڕیان لەگەڵ پ.ک.ک دا بووە، هەوڵی دەرکردنی پ.ک.ک یان دا، چ بە تەنیا یا بە هاوکاری تورکیا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، جگەلەوەی زیانیان پێکەوت. دوای ئەوە خۆیان لە کێشەی پ.ک.ک بەجۆرێ لە جۆرەکان پاراست، ڕێگایان بە هێزەکانی تورکیا دا بنکەیان لە هەندێ ناوچە هەبێت.. جێگای بیرخستنەوەیە بوونی هێزەکانی تورکیا هەر تەنها پەیوەندی بە پ.ک.ک وە نییە، چونکە تورکیا بەشداری لە شەڕی نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک کرد ئەوەش بەبڕوای زۆر بێمەرج نەبووە. بوونی بنکەی سەربازی تورکیا لەسەر بنچینەی چ ڕێکەوتنێکە ئەوە تەنها سەرۆکەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک و بەرپرسانی تورک لێی ئاگادارن. دیارە فاکتەرەکانی ئاستی دەستێوەردانی پ.ک.ک لە کاروباری ناوخۆی باشوری کوردستان، هەروەها ئاستی پەیوەندی ی.ن.ک و پ.د.ک هەریەکەیان لەگەڵ تورکیا کاریگەری خۆیان لەسەر ڕێکەوتنە نهێنیەکاندا هەیە. واپێدەچێ هەردوو پارتی دەسەلاتدار بە تەنیا ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ تورکیادا هەیە، هەروەکو لە هەندێ بواری دیکەدا ئەو دوو پارتە سەربەخۆ و بەبێ پرسی یەکتر کار دەکەن. ململانێکەشیان لەگەڵ پ.ک.ک هەڵسان و دابەزینی تێدابووە و هەرجارەی قورسایی کەوتۆتە لایەکی باشوری کوردستان. ئێستا کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار هەست بە مەترسیەک لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی خۆیاندا دەکەن، وادیارە بە مەبەستی پارێزگاری بەرژەوەندیەکانیان، ئامادەن لەگەڵ دوژمنی کورد ڕێککەون. ئەوەش دیاردەیەکی دووبارەیە کە هەردوو پارت پێشتر کردوویانە. جگەلەوەی پێشتر ئەو دوو پارتە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا دژی لایەنێکی نەیاریی کوردی هاوکاریان لە دوژمنی کورد جار جارە وەرگرتووە.
- داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (کە لایەنگری پ.ک.ک یە و واپێدەچێت لە لایەن پ.ک.ک ـەوە دروستکراوە و پشتگیری دەکرێت) هەنگاوێکە لەو کردە پراکتیکیانەی کە بۆ لێدانی پ.ک.ک وەکو ئامانجی سەرەکی دەدرێت. ئەو بارەگایانە و بوونی پ.چ.د.ک کانونیانە بووە و ئەو پارتە مۆلەتی کارکردنی هەبووە، بۆیە داخستنی و قەدەغەکردنی پێشێلکردنی کانونە. جگەلەوەی دژایەتی ئازادی ڕێکخراوەیی و کۆبوونەوەیە کە لە دەستوری ئێراقی و لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە. ئەوە دیسان دەریدەخات دەستور و پرەسیپی کانونی قورسایی ڕێککەوتنی ڕامیارییان نییە.
- گەمارۆی ئابوری و ڕامیاری بۆ سەر بنکەکانی پ.ک.ک لە ناوچەی قەندیل هەنگاوێکی دیکەیە بۆ تەنگکردنی گەمارۆ لەسەر پ.ک.ک و دابڕین و لاوازکردنیان، بە جۆرێک نەهێشتن و پاککردنەوەیان ئاسان دەکات. ئەو هەنگاوەی دەسەڵاتی باشور وەکو ئەوەی تر جێبەجێکردنی بێ یەکودووی داواکاری تورکیایە لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت.

سەرکردەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک هەندێکیان ڕاستەوخۆ و هەندێکیان ناراستەوخۆ پشتگیریان لە ڕاوەدوونانی پ.ک.ک کردووە. هەندێکیان وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریست سەیریان کردووە و بەرگری لە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورکیا و ئێراق دەکەن، بۆنمونە گوتنەکانی جەلال تالەبانی و هوشیار زێباری، زۆر بەدڵی کەمالیست و بەعسیستەکان بوو. ڕەواکردنی ڕاوەدوونانی پ.ک.ک لە لایەن تورکیاوە، ڕەواکردنی پۆلیتیکی تورکیایە سەبارەت بە خەباتی چەکداری کورد لە باکور. بەپێی ئەو گوتنەی ئەوان کەواتە ڕژێمی بەعس لە ڕاوەدوونانی پێشمەرگەدا کارێکی ڕەوای دەکرد! ئەو بەرپرسانە لەم ماوەیەدا گەلێ گوتنیان دژی خەباتی چەکداریی پ.ک.ک بەتایبەتی داوە و ناڕاستەوخۆ یا ڕاستەوخۆ داوای چەکدانان و کۆڵدانیان لێ کردوون. هەردوو پارتەکانی پ.د.ک و ی.ن.ک لە ڕابردوودا لە بارودۆخێکی لەشێوەی پ.ک.ک دا بوون و ئەوسا خەباتی چەکداریی خۆیان زۆر پێ ڕەوا بوو. بێگومان ئەگەر یەکێک بهاتبایە ئەو گۆتانە و ئەوانەی ئەوان بە پ.ک.ک ی دەڵێن بە وانی بگوتایە، ئەوان ئەو هەڵوێستەی ئێستایان نەدەبوو.

دەکرێ ڕەخنە لە شێوەی خەبات بگیرێت، دەکرێ ڕەخنە لە خەباتی چەکداری بگیرێت، بەڵام هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوە و کۆڵپێدان، بەبێ بوونی هیچ بەرنامە و ئەلتەرناتیڤێکی چارەسەر، ئەوە کارێکە لە قازانجی تورکیا دایە و ڕەواکردنی بێچارەسەر هێشتنەوەی کێشەی کوردە لە باکور.

چوارەم: سەرکەوتنی ڕێگەی پاکسازی بەسەر چارەسەر: ناونەهێنانی کێشەی کورد لە باکور و فەرامۆشکردنی ئەو کێشەیە، خۆلادانە لە بوونی کێشەیەک کە دەیان ساڵە بە ڕێگەی جۆراوجۆر بەداوی دانپێناندا دەگەڕێت و خەبات دەکات. بەتیرۆریسناسینی پ.ک.ک کە بانگاشەی خەبات بۆ مافی کەلتوری و رامیاری گەلی کورد لە باکوردا دەکات، یارمەتیدانە بۆ نکۆڵیکردنی بوونی کێشەکە و بەمشێوەیە لاوزاکردنی یا نەهێشتنی ڕەوایەتی کێشەی کوردە لە باکور. بەتیرۆریستناسینی پ.ک.ک وا دەکات تورکیا دەرگە بەسەر هەموو ڕێگەچارەیەک دابخات و بڵێت و بیڵێتەوە، "ئێمە لەگەڵ تیرۆریستان دانوستان ناکەین". بەمشێوەیە زۆر ئاسان خۆی لە کێشەکە دەرباز دەکات و نکۆڵی لێ دەکات. ئەوەش تێگەیشتنێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەیە کە لە ناوزەدکردنی پ.ک.ک وەکو تیرۆریست سەرچاوەی گرتووە. بۆیە ئەو هاوکارییە نێونەتەوەییەی تورکیا، پێدانی ئازادییە بە تورکیا لە پۆلیتیک و ڕەوتی ئەوها کە لەگەڵ بەرژەوەندی ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستی تورکیا دەگونجێت، بێ ئەوەی تووشی هیچ کاردانەوەیەکی واتادار بێت.

خوێنساردیەکەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لێرەدا لەوەدا دەردەکەوێت، چاوپۆشی لە چەوساندنەوە و نەبوونی ئازادی 20 ملیۆن کورد لە خاکی خۆیاندا دەکرێت؛ ئاماژە بە هیچ چارەسەرێکی کۆنکریتی سەبارەت بە کێشەی کورد لە باکوردا ناکرێت؛ ناوی کێشەی کورد و بوونی نەتەوەیەکی مافخوراو لەوێدا ناهێندرێت. نمونەکانی چەوساندنەوە زۆرن و دەگەنە ڕاگەیاندنە جیهانیەکانیش، بۆنمونە دادگاییکردن و سزادانی لەیلا زانا بە پێنج ساڵ، شارەداری ئامەد ئۆسمان بایدەمیر و شارەداری پێشووی سورێ عەبدوڵا دەمیرباش بە سێ ساڵ لەبەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لەم ڕۆژانە ڕوویان داوە، بەڵام ئەو نارەوایەتی و پێشێلکاریانە بەسەر کۆمەڵگەی جیهانیدا وەکو پێشوو بێ کاردانەوە تێدەپەڕێت.

پشتگیری ئەمەریکا و هەوادارانی بۆ لێدانی پ.ک.ک پشتگیری پۆلیتیکی نکۆڵیکردنە و ڕاکردنە لە چارەسەر. ڕەواکردنی بۆمباران و کوشتنی گەریلاکانی پ.ک.ک هەوڵیکە بۆ پاکردنەوە و لەناوبردنی گەریلاکان، کە پاکسازییە لە بەشێکی شۆڕشگێڕی گەلی کورد دەکرێت. ئەو پاکسازییە یارمەتیەکی گرنگی تورکە کەمالیستەکانە کە بەردەوام سەرکوتی هەوڵەکانی ئازادی دەدەن. ئەوە چارەسەر نییە، بەلکو ڕەواکردنی چەوساندنەوەی گەلی کوردە، بە بەڵگەی ئەوەی هیچ داواکاریەکی کۆنکریتی بۆ ئازادی گەلی کورد لە بەرامبەری چەکدانانی پ.ک.ک دا بوونی نییە. هەر هەوڵێک مەبەستی چارەسەر بێت، دەبێ بەدوای ئەو

فاکتەرانەدا بگەڕێت، کە بوونی ئەو شەر و ناوکۆکییەی دروست کردووە. ئەو فاکتەرانە کە خۆیان لە نەبوونی ئازادی نەتەوەیەکدا چڕدەکەنەوە هەمووی لە ناو سنورەکانی تورکیادان و لەوێدا دەبێ لە ڕێگەی دایەلۆک و دانوستان چارەسەر بکرێن. ئەگەر تورکیا دان بە بوونی کورد، مافی کەلتوری و ڕامیاری گەلی کورد بنێت، پ.ک.ک بۆ دەچێتە ئەو شاخ و کێوانە!؟

وەکو دیارە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردیی، هاوکاری لەو پاکسازیەدا دەکەن، کە پاکتاوی پ.ک.ک ڕێگە بۆ پۆلیتیکی پاکتاوی رەگەزی و تواندنەوە خۆش دەکات و دەستی تورکیا لەمبارەیەوە واڵا دەکات. شایانی بیرخستنەوەیە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا ڕژێمی بەعس نەهێشتنی پێشمەرگەی لە دوای هەرسی 75 قۆستەوە و دەستی بە پاکتاوی ناوچە سنوریەکان کرد و ڕێگەی بۆ پاکتاوی فراوانتر خۆش کرد. ڕژێمی بەعس بوونی پێشمەرگەی لە کۆتایی هەشتاکاندا کردە بیانوو و بۆ لەناوبردنی بەشێکی گرنگی گەلی کورد بەکاری هێنا. ئێستا ی.ن.ک و پ.د.ک کە خۆیان بە "نوێنەری کورد" دەزانن، خۆیان یارمەتی پرۆسەیەک دەدەن کە دەکرێ ئەنجامی کارەساتئامێزی بۆ گەلی کورد لێبکەوێتەوە.
لە لایەکیتر ئەو گەماڕۆیە و گەلەکۆمەکییەی سەر پ.ک.ک کە بەشێکی زیندووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان، دەکرێ ببێتەهۆی کۆڵدانێکی بێمەرج وەکو ئەوەی لە بەهاری 1975 روویدا. پ.د.ک لە بەهاری ساڵی 1975 دا گوشارەی لە ڕێکەوتنامەی جەزایر خرایە سەر، گەلکۆمەکییەکە وەکو ئەوەی سەر پ.ک.ک فراوان نەبوو، ئەمەریکا نەیگوت پ.د.ک دوژمنی ئەمەریکایە و لێیان دەدەین، لایەنی کوردی دژی پ.د.ک نەبوو، ئێراق توانای سەربازیی لاواز بوو، بەلام سەرکردایەتی پ.د.ک زوو کۆڵی دا و پەرتەی بە شۆڕش کرد.

بەکورتی ئەوەی تورکیا دەیوسیت واپێدەچێ تاڕادەیەک پشتگیری بۆ بەدەست هێناوە و هەندێ بەڵێنی دەستکەوت، جگەلەوەی کێشەی کوردی لە خودی پ.ک.ک دا چڕکردەوە، کردیە کێشەی تیرۆر و شەڕ دژ بە تیرۆر، خۆیشی وەکو لایەنی قوربانی پیشان دا و سۆزی ستاتەکانی بەلای خۆیدا تاڕادەیەکی دیار ڕاکێشا. تورکیا بەرامبەر بە بوونی کورد ڕاسیستە، دەکوژێ و دەبڕێ، بە هەزاران گوندی کوردستانی سوتاندووە و لەگەڵ خاکدا تەخت کردووە، سڵ لە کاری نامرۆڤانە و بەربەریانە بەرامبەر بە کورد ناکاتەوە، ئێستا خۆی وەکو قوربانی پیشان دەدات و ناڕەوایانە پشتگیری دەکرێت. گەیشتن بەو ئاستە دەکرێ دەرئەنجامی کارەساتئامێزی وەک کۆمەڵکوژی یا بگرە گەلکوژی لێبکەوێتەوە. جێگای بیرخستنەوەیە تورکیا لە سەرتای دروستبوونیدا، خۆی پێ قوربانی دەستی کەمەنەتەوە نەتورکەکان بوو و لەم ڕێگایەوە لەناوبردنی گریک، ئاسوری، ئەرمەن و بەشێکی کوردەکانی ڕەواکرد. ئەلمانیش خۆیان بە قوربانی دەستی کەمینە جولەکەکان زانی بۆیە لەناوبردنی ئەوانیان بە دواچارەسەر دانا. عارەبە بەعسیەکان خۆیان بە قوربانی دەستی کورد زانی بۆیە گەلکوژی ئەنفالیان بە ڕەوا بینی. سەیرەکە لەوەدایە لە جیاتی ئەوەی بیر لە هەرەشەکان بۆ سەر چارەنوسی گەلی بێپشتیوانی کورد بکرێتەوە، ستاتەکان پێشبڕکێیانە لە پشتگیری و دڵدانەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەر و رەگەزپەرستی تورکیا.